# وتووێژ لەگەڵ شاعیر شیوا سوبحانی



## فروغ لە ئەدەبیاتی ئێراندا چەتری ژن بوو

باران

سازدانی: بەرزان عەلی مەجید - سنە

شاعیرێك هەمیشە خەندە لەسەر لێویەتی، بەڵام دڵی پڕە لە گلەییەکانی ژیان و ئازارەکانی مرۆڤ، جار جاریش بێدەنگ دەبێت و زەردەخەنەیەك دەخاتە سەر لێوی، هەروەك ئەوەی پێتبڵێ بەو هەموو یادگارییەوە، دەمەوێت بەر هەناسەی پێکەنین بکەوم، ئەو هێندە بە عیشقەوە شیعر دەنوسێت کە خۆی لە شیعرێکی نەوتراو دەچێت شاعیرێك لە ئایندەدا دەبێتە فروغێکی بچوك کەسەر لەنوێ خۆی دەنوسێتەوە و هەموو بارانە نەوتراوەکان دەڵێ و هەموو نهێنیەکانیش ئاشکرادەکات، بەبێ ئەوەی ترسی لە هیچ شتێك هەبێت، ئەو ئیدی لەنێو شیعردا دەژی شعریش بۆ ئەو دەژی ئەو وەك کچێك یاخیتر لە دەقەکانی دەدوێت، کە سەیریدەکەیت هەستدەکەیت شیعر دەدوێت، وەك شیعر هەمیشە پڕە لە گریان و باران هەمیشەش بێدەنگە، ئەو زەمەنێکە لەنێو دونیای شیعردا خەریکی دۆزینەوەی ئاسەوارەکانی ژیانە، ئەو وەك شاعیرێك شەڕی ژیان دەکات و بەشوێن جوانیەکاندا دەگەڕێت.



***سەرەتا دەمەوێ لەوێوە دەستپێبکەم، کە قسە زۆر لەسەر شیعر دەکرێت، بەڵام هێشتا وەڵامی ئەو پرسیارە نەدراوەتەوە، بۆیە لێتان دەپرسم شیعر بە واتای چییە؟**

-شیعر جیاواز و بەدەر لە چوارچێوەی هونەر نییە و روونە کە هەر کەس بۆخۆی پێناسەیەکی بۆ هونەر هەیە، ئەمە شیعریش دەگەڕێتەوەك کە بە بڕوای من هونەر بە گشتی داننانە بە شتێك کە هەیە و بەدەر لە مرۆڤ نییە و داننانە بەو شتانەی کە نییە و ئەبێ ببێت و مرۆڤانەیە. هەر شیعرێك و هەر ئەدەبیاتێك لە هەر شوێنیکی جیهان بێت، هەر داوای ئەو خواستە مرۆڤانە و پێویستیە مرۆڤانەیە بکات لە فۆرمێکی نوێدا و بە توانایی. تۆ کە ئەتوانی ئەدەبیاتی پێ بڵێی و کاری هونەری دەتوانی پێ بڵێی، ئەوە شیعرە.

***ئایا بەرپرسیارێتی شیعر ئەرکێکی مرۆییە، یان پەرچەکرداری رۆحی تاکەکەسە؟**

- من لەو باوەڕەدام هونەر تەنها بۆ مرۆڤ بوونی هەیە، ئەمە بابەتێکی زەینی نییە و راستییەکەش ئەوەیە کە چەمکی هونەر بۆ هونەر من وەك خۆم بڕوام پێی نییە، هەرچی شتە بۆ مرۆڤە، مەگەر دەبێ هونەر بۆ هونەر بێت، مەگەر هونەر شتێکە بەدەر لە سنووری مرۆڤ ؟ بەم پێیە چوارچێوەگەلی هونەر بە شتی وەك وێنەکێشان و شانۆ و چیرۆك کە لەبەرچاوی بگری دەبێ بۆ مرۆڤ بێت و ناچارە، دەنا بۆ هیچ شتێکی تر نابێ.

*** پێگەی ئافرەتی کورد لە ئەدەبیات و شیعری کوردیدا لە چ ئاستێکدایە؟**

- بە بڕوای من نابێ و ناتوانم ئەمە جیابکەمەوە، بەڵام ئەمە شتێکی بەرچاوە و خۆشحاڵم لەوەی کە ژنانێك هەن بە هەموو کێشە و گیروگرفتەی لەبەردەمیانە و بە هەموو ئەو سەرکوتە بێ پسانەوە پیاوسالارانەی لەسەریانە، چ لە دەسەڵاتەکان و چ لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگەدا بوونی هەیە، هەوڵیانداوە وەك مرۆڤ داوای مافەکانی خۆیان بکەن و خۆیان سانسۆر ناکەن، بەڵام ناکرێ کە کاتێك من شیعری ژنێك ئەخوێنمەوە ناتوانم کێشەکانی پێ چارەسەربکەم، بەڵام خودی هەوڵەکە جێگای رێزە و پێم خۆشە.

***تۆ وەك شاعیرێك پێتوایە ئەرکی شاعیر لە کۆمەڵگەدا چییە، یاخود ئەمە تەنها بۆ رۆحیەتی تاکەکەسیە؟**

- من بڕوام بەوە نییە و پێموایە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و پێموانییە شاعیر دەتوانێ لە ژوورێك دابنیشێ و شیعر بنووسێ، گەورەترین هونەرمەندەکان و گەورەترین شاعیرەکان ئەوانە بوون، کە لە نێو کۆمەڵدا ئامادەبوون، بۆ وێنە سەیری شاملو بکە، کە چۆن لە نێو کۆمەڵگدا ئامادە بوو و دەینوسی، لەبەرئەوەی کە دەردەکانی دەردی کۆمەڵ بوو، ئەمە لە سەر هەموو شیعری شاعیرەکانی جیهاندا هێشتا راستە، واتە بەو شێوەیە نییە، کە وەك ئەوەی نیما یوشیج کە دەڵێ: پێویستە ئەوەندە ئیشبکەی، کاتێك سەبارەت بە رووبار قسەدەکەی بهێنریتە نێو ژوورەکەت، بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نییە تۆ خۆت لە کۆمەڵگە دووربگری و لە چوارچێوەیەکدا دابنێ بۆ وێنە لە ژوورەکەی خۆتدا دابنیشیت و لەگەڵ خەڵك پەیوەندیت نەبێ، بۆیە من باوەڕم بەوە نییە و پێموایە هونەرمەند ئەو کاتە دەتوانێ قسەیەکی ببێ بۆ وتن، پێوەندی توندی هەبێ لە نێو کۆمەڵدا، هەرچەندە کۆمەڵگە بە بەرچاوی چاویان لە هونەرمەند نەبێ و کۆمەڵگە هونەرمەندەکان وەك پێویست نەبینین، بەڵام پێویستە هونەرمەند پەیوەندی نێوان خۆی و کۆمەڵ رابگرێ.

***پێتوایە گەنجەکان توانیویانە لە شیعری نوێدا قۆناغی نوێ ببڕن؟**

- ناتوانم لە بواری رێژەییەوە ئامارێك بدەم بە دەستەوە، سەبارەت بەو کتێبە شیعرییانەی بڵاوبوونەوە و ئەو کارانەی کراون، ناتوانم قسەی لەسەربکەم، بەڵام هیوایەك هەیە و دەبینی کە ئەدەبیاتی ئافرەتانی ئێمە پێشکەوتووە و جیاوازی هەیە. توانیویانە پێشکەوتن بە دەستبێنن و کاریگەری وەرگرن و

کاریگەریش دابنێن لەسەر ئەدەبیاتی فارس، تەنانەت کاری جیدیش بکەن. بۆ وێنە کاتێك ئەوان، واتە فارسەکان وەرگێرانێکیان لە ئێمە بینیوە و هەندێ جار بە هۆگرییەکی زۆرەوە پێشوازی لێدەکەن و باس لەوە دەکەن، کە شتێکی لەو چەشنە لە نێو فارسەکانیش نەکراوە،بۆیە بڕوامویە لاوانی ئێمە توانیویانە کارگەلێك بکەن، بەڵام هێشتا پێمواية کەمە.

*** ئێوە ئافرەتان کە باس لە شیعر دەکەن بەردەوام باس لە فروغ دەکەن، ئایا پێت وایە لە دوای فروغ کەسێك هەبووە لە ئێراندا توانیبێتی فروغ تێپەڕێنێ؟**

- پێموانییە کەسێك هەبێت و فروغی فەروخزادی تێپەڕاندبێ لەو بوارەی ئەودا، دیارە تەنانەت بارودۆخی مێژوویی فروغ جیاواز بوو، هەروەها لە بواری پێوەندییەکانی فروغ دا کە لەگەڵ ئەدەبیاتدا بووی زۆر جیاواز بووك لەگەڵ ئەوانەی کە لە ئەدەبیاتی فارسیدا کاری جیدی دەکەن. فروغ لە ئەدەبیاتی ئێراندا چەتری ژن بوو، تا سەردەمی پەروین ئیعتسامی پیاو قسەدەکات، بەڵام کاتێك فروغ دێت ژنێك قسەدەکات. ئەو زمانەی فروغ قسەی پێدەکات، پێمواية قەرزارباری ئیبراهیم گوڵستانە، بەڵام بە گشتی ئەو ژنانەی کە لە ئێراندا کاری ئەدەبی دەکەن، تەنانەت نەیانتوانیوە لە پێگەی فروغ نزیك ببنەوە. دیارە لە باری ئەوەدا نە کە بەراوردبکەن لەگەڵ ئێستای فروغدا، بەڵکو لە بواری مێژووی ئەدەبیاتی فارسیدا، کە ئەدەبیاتی فارسی بەرنە قۆناغێکی نوێترەوە.

*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی ژنی شاعیری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باشووردا چۆن دەبینی؟**

-هەندێ جیاوازە و ئاڵۆزە، من پێمواية دەبێ ڕاگەیاندنەکان بەتایبەتی لە کوردستانی ئەودیو، کە لە بواری بنەمای ئابوورییەوە دۆخیان باشترە زیاتر سەرنج بدەنێ و بە کەسێك و دوو کەس پەسندنەکەن و پێویستە بچنە نێو بەستێنەکانی



**فەلسەفە دەستبردنە بۆ ئەو شوێنانەی، کە خەڵکی ئاسایی دەرکی پێ ناکات، شیعر دەست بردنە بۆ ئەو بڤە و حەرامانەی، کە خەڵك ناوێرێت توخنی بکەوێت، فروغی فروغ زاد یەکێکە لەو شاعیرانەی کە سەیر عاشقی تاریکییە**



دیدار

کۆمەڵگەوە، بۆ وێنە من دێمە ئەوێ کەسێك دەمناسێ و دەمناسێنێ، ئەم مەسەلەش دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندی تاکەکەسی نەك تواناکان، بۆیە پێویستە وردبینی زیاتربکرێ بە تایبەتی ئەو کەسانەی نەناسراون، بەڵام قسەیەکیان هەیە بۆ وتن زۆرتر بکەونە بەرچاو. بە نیسبەت ئێمە لێرە پێوەندییەکی بەرچاومان لەگەڵ فەرهەنگی ئێرانی دا هەیە و وەرگێڕانی زیاترمان دەکەوێتە بەر دەست و زیاتر خۆمان پێگەیاندووە تا ژنانی باشوور، لە باشور هێشتا ئەدەبیاتێکی عەشیرەتی زاڵە و ئەو نوێخوازی و شارستانیەت و پێشکەوتنەی تێنەپەڕاندووە، کە ئێمە لە ئێراندا تێمانپەڕاندووە وەك کوردێك. ئەدەبیاتی باشور هێشتا مۆدێرن نییە و پێشکەوتنی ئەوتۆی بە دەست نەهێناوە، ڕەنگە کەسانێك هەبن وەك تاك پێشەکەوتنیان بە دەستهێنابێ، بەڵام وەك ئەدەبیات بە گشتی هێشتا ماویەتی و پێویستە بە شێوەیەکی ئارامتر لەگەڵیدا بڕۆین، چونکە ئەوە ماوەی دەوێ تا تێپەڕبکات. پێموایە ئەو پێشکەوتنە ئەدەبییەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گۆڕێیە، لە پێش ئەدەبیاتی باشوری کوردستانەوەیە، بۆیە ئەمە کاریگەری لەسەر ئەو ژنانەش هەیە کە لە باشوور ئیشی ئەدەبی دەکەن، هەرچەندە پشتیوانی سیاسی و دارایی دەکرێن چالاکیگەلی ژنانیش هەیە بۆ یارمەتیدانیان و هان ئەدرێن، بەڵام پێموایە هێشتا ژنانی ڕۆژهەڵات هەم لە باری ئەدەبیەوە و هەم لە باری هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەوە لە ژنانی باشور لە پێشترن.

**مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و پێموانییە شاعیر دەتوانێ لە ژوورێك دابنیشێ و شیعر بنووسێ، گەورەترین هونەرمەندەکان و گەورەترین شاعیرەکان ئەوانە بوون، لە نێو کۆمەڵدا ئامادە بوون، بۆ وێنە سەیری شاملو بکە، کە چۆن لە نێو کۆمەڵگدا ئامادە بوو و دەینوسی**



*** ئەوانەی کە پێش ئێوە کاری شیعر و ئەدەبیاتیان کردووە، بەردەوام گلەیی ئەوە دەکەن کە لاوەکان هەندێجار پەلەدەکەن لە چاپکردنی کتێبدا و شارەکان پڕبووە لە کتێبی ئەم لاوانە و کەسیش نایخوێنێتەوە و هەندێ لەو گەنجانەش کە ناخوێننەوە، بەڵام لە چاپکردندا پەلەدەکەن؟**

- بە بڕوای من ئەوە عەیبە نییە لەو بوارەدا ئیرادی نییە، لە هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی بڵاودەبنەوە ئەوە خەڵکە بڕیاردەدا بۆئەوەی پێی بوترێ هونەرە یان نا، لێرەدا با چەندایەتی زۆر بێ، چونکە لێرەدایە کە چۆنیەتی دیاردەکەوێ،

تا 10 شیعری خراپ نەبێت شێعرێکی باش واتا پەیدا ناکات، خودی ئەمەش دەبێتە پێوەر بۆ شیعری باش و ئەمە لە وەرگێڕانیشدا راستە، پێویستە بەردەوام چاودێرییەك هەبێ بەسەر کارو باری هونەریدا، بەڵام کاتێك ئەمە نییە چیبکەین، ناچارین رازی بین بەوەی هەیە و دەبێ.

***زۆر جار باسی ئەوە دەکرێ، کە شاعیرە ژنەکان لە ژیان و کۆمەڵگە رادەکەن و یاخیدەبنك ئەم یاخی بوونە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەوە لەبەرئەوەیە کە جیاوازی و چەوسانەوەیەك لە ژیانی ئێمەدا هەیە، ئێوەی پیاو بەو شێوەیەی پێتان خۆشە جل و بەرگ ئەپۆشن و هەڵسوکەوت دەکەن لە سنە، بەڵام ئەو شێوەی ئێوە ئەتوانن جل و بەرگ بپۆشن، منی ئافرەت ناتوانم، لەودیو لە سلێمانی رەنگە ئافرەتێك ئازاد بێ چۆن دەپۆشێ و چی دەپۆشێ، بەڵام دیسانەوە سنووری هەیە، لە رەفتاریشدا دیسانەوە ئەوە هەیە و ئێوەی پیاو دەتوانن هەڵسن نیوە شەو بڕۆنە دەرەوە، بەڵام ئافرەت ناتوانێ ئەمە بکات. هەندێ رووداو هەیە لە نێو کوردەواریدا روودەدا، کە ئەوە پێماندەڵێت ئەدا هێشتا کلتورێکی پیاوسالارانە لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە، تەنانەت لە ئەوروپای رۆژئاواشدا پیاوسالاری هەیە، بەڵام زۆر کەم رەنگە، بەڵام چونکە لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا هەزاران ساڵە پیاوسالاری هەیە، بۆیە ئاساییە کە ئەو رووداوانە مرۆڤ نیگەران دەکا، ئاساییە کە کاتێك ژنانێك پەیدادەبن هەست بەو ئێش و ئازارەدەکەن و تێدەگەن مافەکانیان چییە، بێگومان دێنە مەیدان و خەباتی بۆ دەکەن.

***ئێستا بەهۆی بەجیهانی بوون و کرانەوەی کۆمەڵ پێتوایە ئەم کرانەوانە پێگەی شیعریان کەم کردۆتەوە لەلایەنی رۆحی و کلتوورییەوە بە ئاستی رابردوو، کە خەڵك بەدوای شیعر ناکەون و تەنها گروپێکی کەم نەبێ؟**

-ئەوە شتێك نییە خواستی کوردەواری بێت، لە ئەدەبیاتی فارسیشدا بوونی هەیە ئەم قەیرانە و ئەوەی کە گوێگرانی شیعری زۆر کەم بۆتەوە و کتێبێکی شیعر کەمتر دەفرۆشرێ، تا کتێبی کورتە چیرۆك، لە راستیدا ئەمە تایبەتمەندی ئەم سەردەمەیە لەبەرئەوە کە هونەرەکانی تری وەك ئەنیمەیشنێك ئەبینی خەڵك زووتر پێوەندی لەگەڵ پێکدێنێ تا شێعرێك، بۆیە پێموایە شیعر بە هۆی ئەوەوە تۆزێك ئەستەم بووە بۆ وێنە تۆ فلیمێکی کورت دەبینی زۆر جەوهەری تری تێداکۆبۆتەوە کە لە ناوەڕۆکی فلیمەکەدا هەیە، بۆئەوەی لێی تێبگەی، بەڵام لە شیعردا وانییە و لێرەدا تۆ وەك شاعیر تەنهایت، پێموایە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان، کەمێك لە شیعر دوربخاتەوە بە نیسبەت جاران، بۆ وێنە پێشتر کەسێك لێرە شیعرێکی دەوت و لە سلێمانی دەخوێندرایەوە، بۆیە ئەمە پێوەندە بە گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها پێوەندی بە تەکنۆلۆژیاو بەشەکانی تری چوارچێوەکانی تری هونەرییەوە هەیە. ئەم مەسەلە تایبەت نییە تەنها بە کورد.

*** ئەو کاتەی شیعرێك دەنووسی، چ هەستێکت هەیە و هەستدەکەی کە مرۆڤێکی تری و جۆرێکی تر ژیان دەبینی و جیاوازی نێوان ئەو کاتانەی شاعیری و شیعر دەنووسی لەگەڵ ئەو کاتانەی لە حاڵەتی ئاساییدای چۆنە؟**

- ئەو کەسانە کە شاعیرن لە ژیان دوورنین و ئەو جۆرەی دەژین، هەر بەو جۆرەش شیعر دەنووسن، بەڵام من کاتێك شیعر دەنووسم ئاسوودە دەبم، واتە تا رادەیەك هەیەجان و حاڵەتە تایبەتەکانم کەمتر دەبێتەوە بە جۆرێك لە جۆرەکان بەتاڵ دەبمەوە، بۆیە دوای شیعر تا رادەیەك بە ئاسوودەیی دەگەم، ئەو ماوەیەی کە شیعرێك دەنووسم زۆر نیگەران و پەرێشانم زۆر ئەستەم دەگوزەرێ و دوای ئەوە برێك هێمن دەبمەوە، بە گشتی پاش نوسینی شیعر و ئیشێکی ئەدەبی هەندێك ئارام دەبمەوە.

